# ئازادیی ژن لەڕوانگەی کۆمۆنیستییەوە

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید**

**ژن لە سایەی ئیمپریالیزمدا**

بابەتی مافی ژن وەکو یەکێک لە فراوانترین پرس بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گفتوگۆی لەسەر کراوە. لێرە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەزەحمەت دەتوانیت گۆڤارێکی نەتەوەیی یان ڕۆژنامەیەک بخوێنیتەوە کە چەندەها بابەتی گفتوگۆی لە خۆی نەگرتبێت دەربارەی دژایەتی و لایەنگریی لە مافی ژنان.

لەکاتێکدا "ڕزگاربوونی ژن" بووەتە بابەتێکی باو لە نێوەندی چینی دەسەڵاتداردا، کەچی هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیانی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکان شانبەشانی ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، ڕوو لە خراپییەکی لە ڕادەبەدەرە.

بۆ نمونە سەرۆک فۆرد، هەروەها زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی تر بە پێویستی دەزانن کە "بەردەوام بن لەسەر تۆماردکردن" دژی بڕیاری دادگای باڵا بۆ لەباربردنی کۆرپەلە، لەکاتێکدا ڕاوێژکاران و کەسانی تری قسەکەر بە ناوی چینی دەسەڵاتدارەوە بەشێوەیەکی دووڕوویانە ئەو هەڵوێستە وەردەگرن. بۆ بەرگری لە " مافی ژیان". حکومەت، لە ڕێگەی نەخۆشخانە و سیستەمی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە سیاسەتی خۆی زیادکردووە لە نەزۆکی و بڕینی سیستەمی چاودێریی کۆمەڵایەتی، کەمکردنەوەو بڕینی خزمەتگوزاریی تەندرووستی و پزیشکی، کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری و چاودێری منالان.

ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زیادبوونی ڕەگەزپەرستی، بێکاری، بڕینی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، هێرشکردنە سەر خێزانەکانیان. زۆر لە ژنان بوون بە بەشێک لەو بزووتنەوە گەشەسەندووە لە وەڵامدانەوە بە شەڕ، دژ بە سیستەمەی ئیمپریالی. مانگرتنی گرنگی کرێکاران، وەکو مانگرتنی فەڕە[1] لە تەکساس لەوێ ژنانی مەکسیکیئەمریکی هەستان دژ بە کۆمپانیاکە و پۆلیس و دادگاکان و داوای مافی سەندیکاییان کرد، کرێی گونجاو، هەلومەرجی کارکردن و کۆتاییهێنان بە ڕەگەزپەرستی. ئەم مانگرتنە و مانگرتنی تری لەم شێوەیە و دانانی کەسانی جەنگاوەر نمونە بوون بۆ کرێکارانی تر لە هەموو وڵاتان.

---

[1] لە ٩ی مەی ١٩٧٢، ٤٠٠٠ کارمەندی مەکسیکی ئەمریکی لە کۆمپانیای فەڕە بۆ دورینی پانتۆڵی پیاوان مانیان گرت دژ بە کۆمپانیای فەڕە لە سان فرانسسکۆ لە ئەمریکا. https://www.marxists.org/history/erol/ncm-1/farah.pdf

خۆیان ڕادەهێنا لەسەر نەریتی جەنگاوەر بۆ شەڕکردن لە پێناوی مافی دیموکراتی دژی نەژادپەرستیی ژنان بۆ ئازادیی مەزن ،ژنان وەکو پێشەوا دامەزران، وەکو هارت توبمان[٢] سۆجونەر تروث[٣] جۆن لتڵ بوو بە هێمای داواکانی ژنی چەوساوە.

ژنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن دەستەخوشکەکانیانەوە بەنمونەیەکی ئیلهامبەخش دانران لە هەموو دنیادا. ئەم ئەزمونە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی لە هندی چینی و ئەفریقا و فەلەستین لەسەر ژنە جەنگاوەرەکان. کە ڕزگاری خەڵکەکەی دەبینین بەباشی گوزارشت لەو هەستە کرا لەلایەن نگین ذی تراد، نوێنەری کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی لە کۆنفرانسی ژنان کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەسترا. لە بڕگەیەکدا بەم دێڕە گوزارشتی لێکرد "ئازادکردنی ژن بە شێوەیەکی یەکجارەکی بەندە بە تێکۆشانی سیاسیانەوە دژ بە کۆلۆنیالیزم و چەوسانەوەی ئیمپریالی و دوژمنکاری".

کۆنفرانسی UN لە جونی ١٩٧٥ بەسترا، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی داواکانیان لە هەموو جیهاندا. ئەو کۆنفرانسە کاری کرد بۆ تیشک خستنە سەر پێگە و خەباتی ژنان و نیگەرانییە نێودەوڵەتییەکان لەو بارەوە، هەروەها بەڕای زۆربەی بەشداربووان ئەوە سەلمێنرا کە، دوو لە گەورەترین هێزی ئیمپریالیستی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت وەکو سەرەکیترین زاڵم و چەوسێنەری ژیانی هەموو خەڵکی چەوساوە پیشاندران.

کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بە ڕوونی دوو ڕێگەی خستەڕوو بۆ ئازادیی ژنان، هەروەها لە ڕاستیدا بوونی دوو بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەیەکیان نوێنەری زۆربەی زۆری جیهانی سێیەم و وڵاتانی تر ئاماژە بوو بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ڕاستی لەگەڵ هەموو خەڵکی چەوساوە بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزم و سیاسەتەکەی و چەوسانەوەی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی دژی ژنان. برسێتی، هەژاری و جەنگ.
ئەوەی تریان پێی دەگوترا بزووتنەوەی ئازادیی ژن. زۆر بەڕوونی نوێنەرایەتیی وەفدی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتیان دەکرد. ئەمانە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کەوا ژنان ڕابێنن بەوەی کەوا ئیمپریالیزم وەک هێزێکی بەخشندە سەبارەت بە دانی مافی ژنان بناسرێت.
بەردەوامبوونی ئەو دوو بزووتنەوەیە لە نوێنەرایەتیکردنی خەبات، ڕێک دوو خەتی تێکۆشانی دەربارەی پرسی ژنان لە هەموو دنیادا هێنایەئاراوە.
ئەو هێزانە کێن سەر و سیما بەم بزووتنەوانە دەدەن؟ ئەو ستراتیژییە ڕاستە کامەیە دەبێتە هۆی ڕزگاربوونیان؟ کێن دۆستان و دوژمنانی خەباتی ژنان؟ ئەم پرسیارانە گەرموگوڕترین پرسیارن کە ڕووبەڕووی خەباتی ژنان دەکرێنەوە.

**ژن و ناکۆکی چینایەتی**

پرسی ژن پرسێکی بنەڕەتییە، پرسی چینی خەباتکەرە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ژنان بە ژمارەیەکی زۆرەوە بەشێکن لە چینی کرێکار و نەتەوە چەوساوەکان. لەگەڵ هەموو گەلە چەوساوە و زوڵملێکراوەکانی تر ڕووبەڕووی دوژمنی هاوبەش دەبنەوە.

---

[٢] (١٨٢٠-١٩١٣ ژنە چالاکوانێکی ڕەشپێست بوو، چالاک لە بواری مافی مرۆڤ ومافی ژنان وئیلغاکردنەوەی کۆیلایەتی و لەسەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا، ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجە بوەوە لە لایەن سەرۆکەکانیەوە، سەرو مێشکی بریندارکرا توشی سەریەشەی بەردەوام و بێ خەوی بوو بە درێژایی ژیانی)

[٣] (ژنێکی ڕەشپێستی چالاک بوو لە بواری ژنان لە ئەمریکا)

ژنان تەنها بە پەیوەست بوون بە چینی کرێکار و نەتەوە چەوساوەکانەوە و ڕووخانی نیزامی سەرمایەداری دەتوانن ئازادی بەدەستبهێنن. ئازادیی ژن تەنها کار نییە بەڵکو دەبێ بەشێکی تەواوکراو بێت لە بەرنامە لەپێناو ڕزگاربوونی چینی کرێکاردا.

یەکگرتنی ژنانی تێکۆشەر لەگەڵ چینی تێکۆشەر، ئامانجی هاوبەش بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری کەوتۆتە سەر تێگەیشتن لەوەی کە چەوسانەوەی ژنان لەگەڵ دەرکەوتنی موڵکایەتی تایبەتی و کۆمەڵگەی چینایەتییدا سەریهەڵداوە. لە کۆنترین کۆمەڵگەی بەرچاوی کۆیلایەتی دابڕاوە. سیستەمێک لەسەر تەرکیزکردن و چەقبەستن وەستاوە، لەسەر کۆیلەکان و فۆرمی تری سامان لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە پیاوان.
خاوەن کۆیلەکان چینی دەسەڵاتداری یەکەم پێکدەهێنن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. لە پێناو پاراستنی مڵکەکانیشیان، بۆیاندەرکەوت کە پێویستە مافی دایک ، یاخود مافی ژنان لە خاوەندارێتی و وەرەسەی ئەوەی کە هەیانە هەڵبوەشێنرێتەوە. سیستەمیکی نوێ دامەزرا بۆ میرات، درێژە بە موڵکایەتی و خاوەندارێتیی تایبەت درا لەگەڵ گەیشتنی ویراسەی ئەسڵی پیاو.
لەکاتێکدا ئەم پێشکەوتنەی کۆمەڵگا سەرەتای کۆیلەنەکردنی ژن و هەموو پیشکەوتنەکانی ترە و هەلومەرجی ژیانی مرۆڤایەتییە لە فیودالّ دوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری، وەکو هێزی بەرهەم هێنەر، وەکو ئامراز، زانین و زانیاری، پێشکەوتنی کارگەکان، بەڵام هەموو ئەو شۆڕشانەی کە بوونەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تێکشکاندنی کۆنەپەرستی، سیستمی کۆمەڵایەتی نەیانتوانی ملیۆنان ژن ڕزگاربکەن لە کۆیلایەتی و نەشیانکرد.
سەرکەوتنیان لە دانانی کەمایەتیی خاوەن حوکم لە جێی ئەوی تر و جێهێشتنی زۆربەی ژنان و پیاوان کە زۆڵملێکراو و کۆیلەبن بەدەستهێنا. سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵ یان ئیمپریالیزم لەسەر حوکمکردنی مشتێکی بچوک لە خاوەن بلیۆنێرەکان وەستاوە و بەردەوامیی داوە بە نەهێشتنی گەشەکردن و نزمکرنەوەی پلەی ژنان.
بەشێکی زۆر لە سامانی ڕۆکەفیلەرس، مۆرگانس، هەروەها کەسانی تر لە خێزانی چینی دەسەڵاتدار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنجامی چەوساندنەوەی ژنانی کرێکارەوە بوو لە کارگەکاندا.
بەم جۆرە ئیمپریالیزم سود لە ژنانی کرێکاری بێموچە وەردەگرێت. ئیمپریالیستەکان کتێبەکانیان و ئەدەب و تەواوی میدیاو پروپاگەندەی تریان پڕکردەوە و بڵاوکردەوە کە ژن گرێی خۆبەکەمزانینی هەیە. لە هەمان کاتدا سەرمایەداری ئەو هەلومەرجەی بەرز کردووەتەوە بۆ تەواوکردنی ئازادیی ژن. پاڵی پێوەناوە بۆ پێشەوە.
تاکە چینن لە مێژوودا کە دەبێ هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاربکەن. بۆ خۆیان خۆیان ئازاد بکەن. ئەوە پەیامی مێژوویی چینی کرێکارە لە سەدەی نوێدا.

هەروەها سەرمایەداری بۆ یەکەمجار لە مێژوودا هەزاران ژنی هێنایە ناو کارگەکانەوە، لە گۆشەگیرییەوە هێنایانی. ژمارەیەکی زۆر سازوئامادە و تەیارکراو، چالاکوانی سیاسی و چینی خەباتکەر. ملیۆنان ژن لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، پێکهێنانی سوپای بەهێز لە جەنگدا دژ بە کەپیتالیزم و بزووتنەوە لە پێناوی سۆسیالیزم دا.

### ژن و سۆسیالیزم

نمونەیەکی زیندوو هەیە لەسەر ئازادیی ژن لە واقیعێکی دیاریکراوی ژیانی ژن لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، ئەو وڵاتانەی کە سەرمایەداری تیایاندا لەناوبرا و چینی کرێکار حوکمی گرتە دەست. کۆماری چینی نەتەوەیی و ئەلبانیا دوو نمونەی باشن.

ماوتسی تۆنگ، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین، یەکێکە لە سەرۆکە مەزنەکانی ولاتی چین دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چین کە لە ساڵی ١٩٤٩ وتی **زەمەن گۆڕا، ئەمڕۆ ژن و پیاو یەکسانن.**
**هەرچی شتێک کە هاوڕێ پیاوەکانمان بتوانن بیکەن، هاوڕێ ژنەکانیشمان دەتوانن بیکەن.**

لەگەڵ ئەم ئازایەتییەدا لە لایەن دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە پشتگیریی لێ کرا، ژنان لە ولاتی چین لە ٢٧ ساڵی کورتدا دەستکەوتی مێژوویيان بەدەستهێنا، پێش ئازادکردنی ولاتی چین. لە ژێر سیستەمی سۆسیالیستییدا.

زۆر هەنگاو نرا بۆ ئازادکردنی ژنان لە حوکمی مێژوویی (کۆیلەیی ناوخۆ)، هەروەها گۆشەگیری لە ژیانی سیاسییدا. ژنان بەگەورەترین ژمارەوە لەچاو پێشوو بران بۆ ناو کارگەکان. هەروەها لە شوێنی کارەکەیان کرێی یەکسانیان پێدرا، و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وەکو هەمان کرێکارانی تر بوو.
ژنان تەنها لە بواری کارکردندا پێشرەوییان نەکرد کە پێشتر بۆیان نەرەخسابوو، بەڵکو وەکو پێشەوای چینی کرێکار لە زۆربەی بزووتنەوە سیاسییەکاندا هاتنەپێشەوە.

کارئاسانی بۆ ژنان بۆ کارکردن و بەشداریکردن لە کاری سیاسیی ولاتدا بوو بە ئەرکێکی گرنگ لە بەرنامەی دەسەلاتداریی سۆسیالیستی چین دا. حکومەتە شۆڕشگێڕەکە هەستا بە دابینکردنی دایەنگای ٢٤ کاتژمێری بۆ دایکان و باوکانی کرێکار بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان. هۆڵی خواردنی گشتی کرایەوە بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان و هەروەها خزمەتی تر. ئەنجامی ئەم پرۆگرامانە بەردەوامیی دا بە پێشکەوتنی رۆڵی پێشەوایەتیی ژن لە هەموو بوارە کۆمەلایەتییەکان و لایەنەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینی و حکومەتی گەلدا.

**سۆسیالیزم لە ئەلبانیا سەلماندی کە نمونەیەکی زیندووە بۆ پێشکەوتنی ژنان، ئەوەش لە رێی روخاندنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە.** پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە ئەلبانیا، ژن لەژێر سایەی هەلومەرجی فیوداڵیدا وەکو موڵک، کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا. حکومەتە شۆڕشگێڕەکە نەک تەنها ژیانی ژنانی گۆڕی بە هێنانیان بۆ بەرهەمهێنان و ژیانی سیاسی ولات، هەروەها بەرێخستنی کەمپەینێکی فراوان دژ بە ئایدیا و پراکتیکی دواکەوتووانە کە ژنانی بەرەو دواوە دەگەڕاندەوە. کۆمۆنیستی ئەلبانی (ڤیتۆ کاپۆ) سەرۆکی یەکێتیی ژنانی ئەلبانیا گوزارشتی لە گرنگیی ئازادیی ژنان کرد لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیی نوێدا؛ «ئازادیی تەواوی ژن -نە دیارییەکی خێرخوازانەیە و نە چاکەی توخمێکی بەهێزترە بۆ توخمی بێهێز، بەڵکو پێویستییەکی حەتمییە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم». لەبەرئەوە ئینڤێر هاکسا سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئەلبانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو شۆڕشە دەبێتە کاری ژنان و پیاوان و کۆمەڵ بەگشتی لە رێکردن بەرەو کۆمۆنیزم. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد،
**هیچ کەسێک داوای ئازادیی ناکات ئەگەر لە شەرکردن لەپێناوی ئازادیی ئەوانی تردا سەرنەکەوێت. یەکەم و پێش هەموو شتێک ژنانی ئەلبانی.**

**فیمینیزمی بۆرژوازی**

ئەم نمونەیە بۆ ئازادیی راستەقینەی ژنان، رێگایەکی داخراوی فیمنیزمی بۆرژوازییە وەک نیعمەتێکی ئیمپریالیزم. فیمینیزمی

بۆرژوازی خۆیان کردووە بە" دەمڕاست و قسەکەری ژنان " ئەوەی پێی دەوترێت " بزوتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی" ئەو بزووتنەوەیە ناتوانێت نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی گشتیی ژنانی چەوساوە و زوڵملێکراو بکات.

فیمینیستی بۆرژوازی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی کەمایەتیەکی کەم دەکات لە ژنانی پلەبەرز، وەکو بێڵە ئەبزوگ لە کۆنگرەی نەتەوەیی ژنانی سیاسی و گلۆریا ستینم ی گۆڤاری ئێم ئێس بەهیوای ئەوەی گەورەترین پارچە کێکیان بەرکەوێت، زۆرترین ژنی بانکەکان و سەرۆک کۆمپانیاکان ....هتد. ئەو فیمینستانە ئامادەیی زۆری ئەوەیان تێدایە بۆ فرۆشتنی زۆربەی بەرژەوەندییەکانی ژنان، یان بیدەن بەدەم ئاوەوە لە پێناوی بەدەستهێنانی پلەو پایە یان بەدەستهێنانی کورسییەک لە کۆنگرێس. هەموارکردنی مافی یەکسانی دەربڕی ریفۆرمی یاسای یاسادانانە کە لە ئاکامی خەباتی بەردەوامی ژنانەوە لەسەرتاسەری وڵاتدا بەدیهاتووە،

کەچی فیمینستی بۆرژوازی تیشکدەخاتە سەر چەند ریفۆرمێک و پێیوایە تاکە مەیدان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان رێگا یاساییەکانی قانونی تەشریعە، بەڵام هێشتا یاسا مەدەنییەکان نەیانتوانیوە زەمینەی یەکسانی بۆ ژنان فەراهەمبکەن.

فیمینیستی بۆرژوازی، بەردەوام پێداگری لەسەرئەوە دەکات کە "قانونە مەدەنییەکانی ژنان "وەڵامە بە کێشەی ژنان. لە هەمان کاتدا بەشێک لە فیمینیستە بۆرژوازییەکان لەژێر پەردەی ڕادیکالیزمدا خۆیان حەشارداوە، کەچی ناوەرۆکیان هەر هەمان شتە.

**هەندێ لە فیمینستەکان هێرشدەکەنە سەر پیاوان و وەکو دوژمنی ژنان دەیانناسێنن، ئەوە لەبیردەکەن کە بەو کارەیان بەشێکی زۆر لە ژنان دەبنە قوربانیی پیاوسالاری و هیچ سودێک بەژنانیش ناگەیەنن.**

فیمینستە "ڕادیکاڵ"ـەکانی تر هۆمۆسێکسواڵێتیی جەماوەریی ژنان پەرەپێدەدەن، یان گرتنەبەری ڕێگای دژە باو لەشێوەی گروپ و وەستانەوە بەرامبەر ئەوانی تر. ئەم ستایڵە لە بازنەیەکی بچوکدا دەمێنێتەوە، زیاتریش لەناو چینی ناوەڕاستدا. جەماوەری ژنان ئەو ئەڵتەرناتیڤەیان ڕەتکردەوە و پێیانوایە ڕاکردنە لە واقیع و دژی چوارچێوەکانی خێزانە و هیچ چارەسەرێکیشی پێ نییە بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی ژنان.

جەماوەری ژنان بۆ یەکگرتن لەگەڵ پیاوان خەباتی دژی سەرمایەداری و دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستییەکەیان هەڵبژارد. پیاوانێکی زۆریش پەیوەست بوون بە داواکانی ژنانەوە بۆ یەکسانی. دەبێت بەشێکی گرنگ بن لە داواکانی بزووتنەوەی کرێکاران. زۆر لە کرێکاران ئەزموونی ئەوەیان هەبوو لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، دەکەوتنە بەر هەڕەشەی کۆمپانییەکان company threat: " ئەگەر مان بگرن، یان ئەگەر ڕێکخراوبن، ژنان دەهێنن بۆ ئەوەی جێی ئێوە بگرنەوە". کرێی نزم سەپێنرا بەسەر ژنانی کرێکاردا و بەپێی پێگەشیان لە شوێنی کار وەکو کرێکاری یەدەگ دژ بە بزووتنەوەی کرێکاری بەکاردەهێنران.

کەمیی کرێی کرێکارانی ژن بووە هۆی نزمیی ئاستی ژیانی خێزانە کرێکارییەکان، یاساکان و سیاسەتەکانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی کە تێکرا دژ بە خێزان بوون، بوونە مایەی ئەوەی ملیۆنان خێزان لێک جیاببنەوە، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە نەتەوە زوڵملێکراوەکان بوون.

یەکگرتنی ژنان و پیاوان لە خەبات دژ بە چەوسانەوەی ژنان و دژ بە هەموو ئیمپریالیزم، مانای ئەوە نییە ئەو ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگە باوانەی دەسەڵات کە کاریگەرییان لەسەر ژنان داناوە، بە هۆکاری پێگەکەیان نەدرێنە بەر ڕەخنە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ژنان ناتوانن ڕۆڵ ببینن بە شێوەی سەربەخۆ یان پێکهێنانی ڕێکخراوی خۆیان

هەبێت وەکو هەر گرووپێکی تری چەوساوە و زوڵملێکراو. ژنان ناتوانن پشتببەستن بە یارمەتی و چاکە، دەبێت خۆیان ئازادبکەن. بەڵام گرنگە ئەوە بزانرێت سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان دەکەوێتە سەر چەوسانەوەی مادی لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارییدا.

هەروەها دەبێتە لەناوبردنی هەمیشەیی و رووخانی تەواوی چینەکانی کۆمەڵ.

ڕەتکردنەوەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی فیمینستی بۆرژوازی و داوا بەتاڵەکانیان بۆ "یەکسانی"، بزووتنەوەی ڕاسترەو بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوامبوو لە گەشەسەندن. پەیوەندیی کۆمپانیای چیمەنتۆ لەگەڵ پشتیوانەکانیان و بەشداریکردن لە یەکێتی و تێکۆشانی بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان، بە تایبەت کەمایەتیی ژنان پەیوەندیی پتەوی لە نێوان تێکۆشان لەپێناو ڕزگاریی گەلانی چەوساوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان درووستکرد.

هەردوو بزووتنەوەکە لە سیستمی ئیمپریالیزمدا ڕووبەڕووی دوژمنێکی هاوبەش دەبنەوە. سەرکەوتنی هەردوو بزووتنەوەکە دەکەوێتە سەر ڕووخانی سیستمەکە و دامەزرانی سۆسیالیزم. کەمایەتیی ژنان ڕووبەڕووی توندترین چەوسانەوە دەبێتەوە لەژێر سایەی سەرمایەدارییدا. یارمەتییەک بوو بۆ ژیانەوەی مێژووی ڕاپەرین و خەباتی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەم پەیامە لەڕیگەی تێکۆشانی جۆن لتڵ و شرڵ تۆ، هەروەها دەسی ئێکس ود. گەیاندرا بە ملیۆنان کەس. هەر هەموو ژنە ڕەشپێستەکان قوربانیی ڕەگەزپەرستی و هێرشی سێکسی بوون هەستانە سەرپێ بۆ بەرگریکردن لە خۆیان.

لە وەڵام بە فیمینستی بۆرژوازی "بۆ کۆتکردنی بزووتنەوە و تەسککردنەوەی "داوای ژنان"، دەبێت ئاماژە بێت بەوەی کە چۆن مێژووی خەباتی نیشتمانی لە ئەمریکا لە کۆیلایەتییەوە بەرەو سەرەوە بەستنەوەیەک بوو لە نێوان تێکۆشان لەپێناو ڕزگاریی ڕەشپێست و ژنە کەمایەتییەکانی تر بۆ ئازادیی تەواوی خەڵک. خێزانە کەمایەتییەکان کە بەتوندی ئازاردەچێژن بەدەست سیاسەتی دژەخێزانەوە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە. بەهەمان شێوەش بەردەوام ئەو سیاسەتەی فیمینستە هەڵاتووەکان سەبارەت بە خێزان و منداڵان بەڵاوە دەنرێت.

**تێکۆشان لە ئاستی جیهاندا**

بزووتنەوەی ژنان کارەکتەری ڕاستەقینەی دژ بە ئیمپریالیزمە و دەتوانێت بەرەیەکی فراوان لە زەحمەتکێشان و زوڵملێکراوان لە ئاستی جیهاندا پێکبهێنێت دژ بە ئیمپریالیزم، بەتایبەتی دوو زلهێزەکە. هەردوو زلهێزەکە نەک تەنها دوژمنی ژنان بوون لە دونیادا بەڵکو چەوسێنەری گەورەترین ژمارەی نەتەوە بوون لە جیهانی سێیەمدا. ئەمڕۆ ، بەربەرەکانێ لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا لە ئاستی جیهاندا، زەمینەی شەڕی جیهانیی هێناوەتە پێشەوە کە دەکرێت زۆرترین ژنان ببنە قوربانی تێیدا.

هەردوو زلهێزەکە چالاکانە هەوڵی داپڵۆسینی بزووتنەوەی گەشەسەندنی ژنانیان دەدا [دیارە مەبەست لە بیست ساڵی پێشووی سۆڤیەتی دوای مردنی ستالینە کە سۆڤیەت ڕێی بۆ سازش و ریفۆرم خۆشکرد]. یەکێک لە سەرەکیترین چەکی پروپاگەندەیان دژ بە ژنان لۆمەکردنیان بوو بە هێنانی منداڵی زۆر کە دەبێتە مایەی برسێتی، جەنگ، نەخۆشی و هەژاری.

هەردوو نوێنەری ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵی بێئاکامیان دا کە تێروانینی خۆیان لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپێنن سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان. نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتی" زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان کارەساتی مرۆیی دەخوڵقێنێت. نوێنەری یەکێتیی سۆڤیەتیش وتی «دەبێتە تەوقێکی گەورە بە ملی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانەوە».

سەیر نییە زیادبوونی دانیشتوان بە شێوەیەکی تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سنوری بۆ دانرا، کە هێزی سەرەکی بوون لە وەستانەوە دژ بە ئیمپریالیزمی دوژمنکار و زاڵبوونی لە هەموو دنیادا. لە کۆنفرانسی ژناندا، نوێنەری وڵاتانی جیهانی سێیەم حیکایەتی "زیادبوونی دانیشتوانی " بەدرۆخستەوە و وەکو خورافە باسی لێوە کرد.

ئاماژە بەوە کرا کە چۆن ئەو دوو زلهێزە لە جیهاندا سەرچاوەی سروشتیی هەژارترین نەتەوە دەدزن. سیاسەتی ئیمپریالیستیانەشیان ئاشکراکرد لەوەی کە چۆن هەقدەستی کۆیلە دەدرێتە کرێکاران لە جیهانی سێهەمدا. سیاسەتی نایەکسانیان لە دانی قەرز لەژێر ناوی "یارمەتی". هەروەها چۆن ئەو دوو زلهێزە گوێ بە هاواری یەکپارچەیی ئەو وڵاتە بچوکانە نادەن. پرسییان "چۆن کێشەی ئێمە زیادبوونی دانیشتوانە لە کاتێکدا کە دەوڵەتێکی جیهانی سێهەمی وەکو چین زیاد لە ٨٠٠ ملیۆن کەسە، کەچی برسێتیی تیا نییە؟".

هەردوو زلهێزەکە زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە بۆ جیاکردنەوەی تێکۆشان بۆ ئازادیی ژن لە جەنگ دژی ئیمپریالیزم. هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکتردا بۆ وێناکردنی خۆیان بەوەی چاکەکار و بەخشندەن بەرامبەر بە ژنان.

لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان، نێردراوی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەریەک ئەوەی دووبارەدەکردەوە کە کێشەی ژنان "سیاسی نییە". نوێنەری یەکێتی سۆڤیەتیش نەهجێکی تری گرتەبەر بە گوتنی ئەوەی "هەوڵی جدی ئاسۆیەک دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی ژنان. هەردوو نوێنەر ئامانجیان ئەوەیە تکاکانیان متمانە بە ژن بهێنێت کە هەوڵی جدی لەنێوان هێزی گەورەدا هەلومەرجێکی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی ژنان وەکو چاکەیەک ببەخشرێت.

**سۆسیالیزم لە چەند وشەیەکدا**

یەکێتیی سۆڤیەت، بەتایبەت حەزدەکات بەو جۆرە وێنای خۆی بکات کە " هاوڕێ"ی ژنانە. لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت لەواقیعدا یەکەم وڵات بوو لە تاقیکردنەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی، بۆرژوازیی نوێ دەستیان گرت بەسەر سەرۆکایەتیی حکومەتی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستدا، ئەو چاکسازە مۆدێرنانەیان بەکارهێنا. بەدرێژایی بیست ساڵی ڕابوردوو هێزی خۆیان بە کارهێنا بۆ گەڕانەوەی سەرمایەداری.

یەکێ لە نیشانە جیاوازەکانی ئەم دووبارەکردنەوەیە بەکۆیلەکردنی ژنان بوو لە یەکێتیی سۆڤیەت کە بۆ نزیکەی ٥٠ ساڵ لەژێر سایەی سۆسیالیزمدا چێژیان لە یەکسانی وەردەگرت. بڵاوکراوەکانی ئەم دواییەی سۆڤیەت، لەوانەیە بینرابێت، "لە نێوەندی دەیەی یەکەمدا وڵاتەکەمان داوای بەشداریکردنی ژنانی کرد لە بەرهەمهێناندا، بەهەرحاڵ ئەمڕۆ ئەم پێویستییە نییە. لەوەش ئەولاوەتر لە پێگەی ئابوریی ئێستادا. لەوانەیە زۆر گونجاوبێ ئەگەر لە ژنان گەڕێیت ئازادبن لەماڵەوە چاودێریی مناڵەکانیان بکەن".

سۆڤیەتی تەحریفی(ریزیۆنیست) دەیەوێت وەک سەرمایە سود لە ئارەزووی ڕاستەقینەی ژنان وەربگرێت لە پێناوی ئاشتی دا. ئەوان پێشرەون بۆ پاڵنانی خورافات detente ی"وەلانانی ئاڵۆزی" و فرێدانی چەک بەڵام لەژێر دەمامکێکی پیسی ئاشتیخوازانەی درۆزنانەدا. فراوانترکردن و کەڵەکەکردنی چەکی ئەتۆمیی هێرشکەر و چەکی تەقلیدی، کە وایکردووە یەکێتیی سۆڤیەتی لە سەرووی هێزی سەربازی ولاتە یەکگرتووەکانەوە بێت.

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە دەبێت پەنجە بخرێتە سەر ئەو دۆخەی کە لە جیهاندا بەرێوەدەچێت بە زیادکردنی مەترسی لە نێوەندی گەشەسەندنی مەترسیی جەنگ لەجیاتیی ڕێککەوتن. خورافەی ڕێککەوتن بلاودەبێتەوە تەنها بۆ داماڵینی چەک لە نەتەوەکانی جیهان لە دنیادا و داپۆشینی تاوانی زلهێزەکان.

سۆڤیەتی سۆسیالیستی ئیمپریالی نوێنەری خۆی هەیە لە ناو ولاتە یەکگرتووەکاندا. لە شێوەی پارتی کۆمۆنیستی کۆنەپەرستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ڕۆڵی ئەوانە پێی دەگوترێت کۆمۆنیست بۆ چەسپاندنی گرنگی و بەرژەوەندی کاریگەریی ئیمپریالیزم لەناو چینی کرێکاراندا. ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکی لەناو بزووتنەوەی ژناندا و هەوڵدان بۆ بردنی بەرەو پارێزگاریکردن بۆ پشتگیری لە دوژمنکاری و جەنگ، لیستەکانی سۆڤیەتی سۆشیال ئیمپریال هەروەها بۆ چەسپاندنی چاکسازی و تێکۆشانی هەڵبژاردن وەکو ڕێگەیەک بۆ ئازادیی ژنان. ڕێگەیەک کە تەحریفیەکان دەیکەن بۆ چەسپاندنی دیدگای ڕێککەوتن و ناچارکردنی ژنان و گەلانی جیهانی سێیەم بۆ پشتبەستن بە ڕێککەوتنی زلهێزەکان لە پێناو ئازادییدا.

لەرێی باسکردن لە ئاشتییەوە، تەحریفییەکان هەوڵیاندا بۆ ترساندنی ژنان کە جەنگ دنیا هەڵدەگێرێتەوە بۆ لەناوچوونی بە ئەتۆم. لەکاتێکدا فرمێسک دەبارێنێت بەسەر ئەو ئەگەرەدا. پارتی کۆمۆنیستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی تەواویان خستە پشت کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی چەک، پلانی جەنگی یەکێتیی سۆڤیەتیان دانا.

لە یەک ڕێگەوە تەحریفییەکان ژنانیان ناچارکرد لە دنیادا و لە ولاتە یەکگرتووەکان کە دژی ئیمپریالیزم تێنەکۆشن لەترسی ڕوودانی بۆمبی ئەتۆمی و کوشتنی بەکۆمەڵ.

نمونەیەکی باش لە سەر خیانەتی پارتی کۆمۆنیستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چالاکیەکانیەتی بۆ ڕۆژی جیهانیی ژن. ئەمە پشووی چینی کرێکارە لەلایەن پێشەوای کۆمۆنیستی ئەڵمانی "کلارازتکین" ەوە ناسێندرا، لە یادی تێکۆشانەکانی ژنانی کرێکاری جلوبەرگ لە نیویۆرک . بەپێی مێژوو بوو بە ڕۆژێک بۆ بردنە پێشەوەی تێکۆشانی گرنگی ژنان و گوزارشتکردن لە یەکبوونی چینی کرێکار دژی ئیمپریالیزم.

تەحریفییەکان دوای پشتگوێ خستنی ئەم پشووە بۆ چەندان ساڵ لەلایەن تەحریفیەکانەوە. لە ١٩٧٥ دیسان لە نیویۆرک سەری هەڵدایەوە لەگەڵ بانگەوازکردن بۆ خۆپیشاندان لە ژێر دروشمی " ئاشتی، ئازادی، پێشکەوتن"، کۆمەڵێکیان پێک هێنا لەگەڵ سیاسیە ڕیفۆرمخوازەکانی پارتی دیموکرات. هەروەها لەگەڵ بەشێک لە فمنستی بۆرجوازی لەشێوەیەکی بەرتەسکدا " خەباتکردن نا" بەرنامە دارشتن لە دژی چالاکییە ئیمپریالیستییەکان کە خۆی دەبینییەوە لە دروشمی " ئەی ئیمپریالیزم ، ئەوە چوونە سەرەوەی ڕێژەی دانیشتوان نییە دەبێتە هۆکاری برسێتی، بێکاری و نایەکسانی ژنان."

لە ڕۆژی جیهانی ژناندا لە ١٩٧٥ هەروەها دیسان لەم ساڵدا، لە ١٩٧٦ هەبوونی دوو چالاکی ڕۆژی جیهانی ژن ی جیاواز هێنرایە پێشەوە، دوو هێڵی تێکۆشان لە بزووتنەوەی ژنان بە دیاریکراوی و زیادکردنی ژمارەی خەڵک.

ئایا دەکرێ ئازادی ژنان بەدی بهێنری لە ژێر سایەی ئیمپریالیزم، بەبێ ڕێگەی تێکۆشان؟ ئایا لە ڕێگەی چاکسازی و هەڵبژاردنەوە بەدەستدێت؟ یان تێکۆشانی چینایەتی و شۆڕش ڕێگەی ئازادییە؟ دەتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوان کە بوون بە بەشێکی چالاکی حەقیقی لە دژی بزووتنەوەی ئیمپریالیستی بۆ ئازادی ژنان بدۆزرێتەوە.

**ڕێبەرایەتیی کۆمۆنیستی پێویستە**

ئەو هێزەی کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ژنان دەکات لە تێکۆشان دژ بە سیستەم ی ئیمپریالیستی لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێدا دۆزراوەتەوە. دامەزراوە بۆ تێکۆشان دژ بە خیانەتی پارتی کۆمۆنیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ی کۆنەپەرست. لە زۆر مانگرتنی گرنگ و شەڕی تر کە ژن بەشداری تێدا کردووە.

کۆمۆنیستەکان لەوێ بوون بۆ ئاماژە کردن بە ڕێگەی بەرەو یەکگرتنی چینی کرێکارو دوا ئامانجی سۆشیالیزم. بەڵام تاکو ئەو کاتەی هێزی کۆمۆنیست بتوانێ ڕێکخراوبێ لە ناو یەک پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوو، ئەو ڕابەرایەتییە پەرشوبڵاو و دیاریکراو دەبێت. لەبەر ئەوە دەکرێ ئیتر ژنان ڕۆڵێکی گرنگتر ببینن، ببنە ئەندامی ڕێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی وەکو *ئۆکتۆبەر لیگ*-گرووپی ئۆکتۆبەر" ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی نوێ کە بەم زووانە پێکدێت لە هێزی کۆمۆنیستی ئێستا.

درووستکردنی پارتێکی نوێ بەمانای ئەوە دێت مەزنترین هەنگاونان بۆ پێشەوە بۆ تێکۆشانی ژنان، پارتی نوی بەشدارییەکی تەواوی دەبێت لە ڕێبەرایەتیکردنی ژنانی جەنگاوەر، کە بەشداری دەکەن لە هەموو جۆرە چالاکیەکی کۆمۆنیستی کە لەسەر یەکسانیی ژن و پیاو وەستابێت، پارتی تازە کۆمەڵەی تایبەتی دەبێت بۆ چاودێریکردن و کاری ڕاستەوخۆ لەناو جەماوەری ژناندا و بەرنامەی تایبەت بۆ مەشقکردن بە ژنان لە خوێندنی تیۆری مارکسیست/لینینیست. نەک تەنها لە ژێر ڕێبەرایەتیی پارتی کۆمۆنیستی نوێ کە بەڕاستی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی ملیۆنان کرێکار و خەڵکی چەوساوەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەوە بە حەقیقی بزووتنەوەیەکە بۆ ئازادی ژنان دەتوانێت بەردەوام بێت لە گەشە و پێشکەوتن.

**ژنان و بەرگری**

بزووتنەوە لەپێناوی بەدیهێنانی یەکسانیی ژن ناتوانێت بەرەو پێش بڕوات بەبێ تێگەیشتنی تەواو لەوەی کە دوژمن کێیە. هەروەها بەبێ یەکگرتنی تێکۆشانی ژنانیش لەگەل چینی کرێکار و گەلانی چەوساوە. بەڵام داواکانمان سنوردار ناکەین تەنها لە پێناو سۆسیالیستییدا.
سیستەمی نەبوونی مافی دیموکراتیی ژنان یان هەر سیمایەکی تری چەوسانەوەی ژنان لە ژێر سایەی ئیمپریالیزمدا، دەبێت جەنگی لەگەڵدا بکرێت نەک تەنیا لەلایەن ژنانەوە بەڵکو لەلایەن هەر هەموو بزووتنەوەی چینی کرێکارەوە. قەیرانی ئیمپریالیست (imperialist crisis) لەگەڵ مەترسیی زیاترکردنی جەنگ، ڕێژەی بێکاری زۆر دە چێتە سەرەوە، چەوسانەوەیەکی چڕی کەمە نەتەوەییەکان کاریگەریی تایبەتیی هەبوو بەسەر جەماوەری ژنانەوە. وەرگرتنی بەرنامەی دەسبەجێ بۆ تێکۆشانی پرسی ژن گرنگە لەناو ئەندامانی ژنانی بزووتنەوەیەکی گەورەی جەنگاوەر لە بەرگریکردن و بزووتنەوەی پێشکەوتووی تر. هەروەها بەرزکردنەوەی

درووشمی *یەکسانیی ژن بەتەواوەتی، رووخانی ئیمپریالیزم، پشتگیریکردنی تێکۆشانەکانی جیهانی سێیەم.* پرۆگرامی چۆنیەتیی تێکۆشان بۆ ژنان، بەرزکرنەوەی داواکانیان. قسەکردن لە سەر هەموو شتێکی رەگەزپەرستی کە رووبەرووی ژنان و چینی کرێکار و خێزانە کەمایەتییەکان دەبێتەوە.

**کۆتاییهێنان بە رەگەزپەرستی: دەبوو خاوەنکارەکان باجەکەی بدەن!**

یەکێک لە لەلایەنە سەرەکییەکانی چەوسانەوەی ژنان، بەکارهێنانیەتی وەکو سوپای یەدەگی کار(reserve army of labour). بەکارهێنانیان لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە تەنانەت لە کاتی گەشەی ئابورییشدا، بە پێدانی کرێیەکی کەم. زۆربەی حاڵەتەکان نکۆڵی لێدەکرا تەنانەت لە سەرەتاییترین مافی پارێزگاریکردن لە کرێکاران لە بەدیهێنانی لە رێی سەندیکاکانەوە.

بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری کاریگەری راستەوخۆی هەبوو بەسەر ژنانی کرێکارەوە، بە هۆکاری شوێنە پیشەسازییە هەڵاتووەکان و ؛ [4] Runaway Shops داخرانی کارگەکان و بێکارکردنی کرێکاران لە هەر هەموو پیشەسازییە سەرەکیەکان . تا رادەیەک هەموو ئەو دەستکەوتانەی بە قازانجی یەکسانیی ژنان بوو، بەهۆی بێکارکردنی بەکۆمەڵەوە لەدەستچوو. هەروەها سەندیکا دیاریکراوەکانی وەکو USWA هەوڵیاندەدا بە قبوڵکردنی بڕیارەکان و داواکردن لە کرێکاران بە واژۆکردن لەسەر دوورکەوتنەوەیان لە مافی خۆپیشاندان دژ بە هەڵاواردن و خۆش بوون لە مافی خۆیان لە بەرامبەر ٢٥٠ دۆلار.

ژنانی کرێکار لە هەموو شوێنێک ٦٠% ی کرێی کەمتر لە پیاوانیان دەستدەکەوێت، ژنە کەمایەتییەکان لانی کەمی کرێ یان کەمتریان دەستدەکەوێت. ئەم کەلێنە بە جێگیری زیاد دەکات نەک کەم. ئەو زیادبوونە لە لانی کەمی کرێ زۆر کەمترە لەوەی کە داواکراوە. کە لەگەڵ سەلامەتی و بەهێزیی رێژەی پاڵەپەستۆی ئیمپریالیزم دا بێت، کە تاکو ئێستاش زۆر دوورە لەو ئاستە گونجاوەوە. جیاوازیی رێژەی رەگەزپەرستی لە هەقدەستدا تەنها چینی کرێکاری ژنانی نەگرتۆتەوە.

خوێندنەوەی نوێ نیشانی دەدات تەنانەت ژنانی خاوەن بڕوانامە کەمتر وەردەگرن لە پیاوان لە هەمان پلەی خوێندن یان کەمتر.

داواکاریی دژ بە رەگەزپەرستی دەبێت داوا بێت بۆ کار یان کرێ بۆ باشترین هەقدەست و بزووتنەوەی سەندیکایی بۆ ژنانی کرێکار، دانی بیمەی بێکاریی گونجاو بە ژنان. بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی داهاتی پێشووی چەند بووە هەروەها زیادکردن لەجیاتیی کەمکردنەوە لە (چاودێریی کۆمەڵایەتی "وێلفێر" (welfare و

[4] " ئەو کارگە پیشەسازیانەی کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دەگوێزرێنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ خۆدزینەوە لە یاساکانی دەوڵەت و سەندیکاکان)

پرۆگرامی [٥] Food Stamp. پرۆگرامەکەمان دەبێ داوایەک بێ بۆ دوایی هێنان بە هەلومەرجی کارکردنی کۆمەڵێک کرێکار لە Sweat-shop [٦]

سنوردانان بۆ بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای پارچە بە ئامانجی پاڵەپەستۆکردن و بەدەستهێنانی قازانجی زۆر لە ژنانی کرێکار. کۆتاییهێنان بە سەرکوتکردن و نەبوونی سیاسەت. ئەگەری ڕێنماییکردنی هەیە، دەبێت بجەنگین بۆ قەرەبووکرنەوەی پێشینەی کارکردن : compensative seniority [٧] بۆ ژنان و کرێکارە کەمایەتییەکان. ئەوە دەبێتە هەنگاوێک بەرەو چاککردنەوەی پێگەی(ئەوەی دواجار دامەزراوە، یەکەم کەس دەبێت کە دەرکرێت لەسەرکار). ئەمە دەرگایەکە بۆ ژنان بۆ چوونەناو هێزی کار، کارکردێکی قوڵی هەیە بۆ سەر هەردوو چینی کرێکار و بزووتنەوەی ژنان. بەشداریی ژنان لە بەرهەمهێنان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە "فاکتەرێکی گرنگە لە چالاکی سیاسی و بوژانەوە و گەشەسەندن. پێویستە داوای ئەوە بکەین حکومەت و خاوەنکار حەقی ئەو ڕەگەزپەرستی و نایەکسانییە بدەن. کرێکاری پیاو پێویستە یاخی بن لەبەرامبەر هەوڵی ئێستای ئیمپریالیزم بۆ پاڵنانی ژنان بەرەو دواوە بۆ کونجی ماڵەوە. دەرهێنانی لە ناو کارگە. دەبێت ئەمە لەپێناوی یەکسانیی ژناندا بکرێت، درووستکردنی بەرگرییەکی یەکگرتووی چینی کرێکار ڕێگای تر کە دەتوانێت خزمەت بە بارودۆخی ژنان بکات، وەکو دەرکردنی یاسای مەدەنی سەبارەت بە چاکسازی لەمافی یەکسانی و لە هەمان کاتدا پشتیوانیی لێبکرێت، دەبێت ڕێگری لە هەر هەوڵێکیش بکرێت لەلایەن خاوەن کارگەکانەوە بۆ پشتگوێخستن و وەلانانی ئەو یاسایانە.

## وەستاندنی هێرشی فاشیستی

لایەنێکی تری گرنگی ڕۆڵ و کارکردی قەیران لەسەر ژنان، چوونەسەرەوەی هێرشی فاشیستانەیە بۆ سەر ژنان و چینی کرێکار و چرتریش لەسەر خێزانە کەمایەتییەکان. لۆمەکردنی ژنانی هەژار لە بوونی "ژمارەیەکی زۆری منداڵ". چینی دەسەڵاتدار دەستی دایە هاندان بۆ منداڵ لە باربردن و ڕێگری لە منداڵی زۆر ئەوەش لەڕێی هەڕەشە، و بەکارهێنانی بڕینی (چاودێریی کۆمەڵایەتی ویڵفێر Welfare).[٨]

هەڕەشەی بڕینیان لێ دەکەن ئەگەر هاوکارییان نەکەن، یان بڕینی بەبێ ئەوەی کەسی قوربانی ئاگای لێ بێت. ئەمە بوو بە هاندەرێک بۆ دەسەڵات لەژێر ناوی " مافی ژیان" بەفەرمی مافی لەباربردن بە شێوەیەکی سەلامەت بناسێنێت، کە ئەمە داواکاریی

---

[٥] چاودێری حکومییە لە شێوەی بیتاقەیە نەک پارەی "کاش : نەخد" پێش کەش بەو خێزانانە دەکرێ کە داهاتیان کەمە، بۆ ئەوەی خواردنی پێ بکڕن)

[٦] ئەو کارگە تەسک و بچوکانەن کە کۆمەڵێک کرێکاری زۆر ئیشی تێدا دەکەن بۆ ماوەیەکی درێژ و بە کرێیەکی زۆر کەم، هیچ هەڵ ومەرجێکی تەندروستی تێدا نییە، بۆ نمونە کارگەی جل وبەرگ دوورین.)

[٧] باری جیاواز بۆ ئەو کرێکارو کارمەندانەی کە بە هۆی بەردەوامی و درێژی خزمەتی کارەوە بە دەستیان هێناوە لەگەڵ هەمان خاوەن کاردا)

[٨] پشتگیرییەکە حکومەت بەخشیوەیتی بە کەسانی پەک کەوتە لە وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر کۆمپانیای جیاواز پێی هەڵدەستن لەژێر چاودێری پرۆگرامی جۆراوجۆر، بە ناوبانگترینیان یارمەتی منالاّن و فود ستامپ ە.

ملیۆنان ژن بوو، کە ئەوسا و ئێستاش داهاتی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەشی بەخێوکردنی منداڵەکانیان ناکات. لەگەڵ ئەم بارودۆخە قەیراناوییەدا و هەوڵدان بۆ سەندنەوەی مافی لەباربردن تەنها بەمانای زیاتر دژوارترکردنی ژیانی هەژاران دەهات، هەروەها بەمانای زیندووکردنەوەی ئەو مەترسییانەش.

مافی یاسایی بۆ لەباربردنی منداڵ بەسەلامەتی بڕایەوە ئەویش بە هەوڵ و تێکۆشانی ملیۆنان ژن. هێشتا هەر ڕووبەڕووی سیستەمێک دەبنەوە کە ڕێگە بە زۆر خێزان نادات کە بە داهاتێکی پێویستەوە منداڵەکانیان گەورەبکەن لەگەڵ ئەزمەی ئێستادا. هەوڵدان بۆ سەندنەوەی ئەو مافە دەبێت تەنها مانای ئەوە بێت کەمکردنەوەی توندی و ڕەقی بۆ زۆربەی خەڵک، هەروەها زیندووکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە ڕێگای (لەباربردنی شەقامی: street abortionists)[٩]ـەوە. چینی دەسەڵاتدار دوو داهێنانی نوێی خستە سەر سیستەمی چاودێریی کۆمەڵایەتی "وێڵفێر" ی بەدناو: سیستەمی پاداشت، داوا لەو ژنانە دەکات کە سودمەدندن لە وێڵفێر ڕێیان پێبدات کە یارمەتیی مادی لە باوکی منداڵەکان وەربگیرێت. بەرنامەیەکی تریش لە کالیفۆرنیا کاری هاندان( WIN) لەڕاستیدا بەرنامەی کاری بەزۆرە وەکو کرێی کۆیلە بۆ ئەوانەی لەسەر وێڵفێرن یان بێکارن.

لە کالیفۆرنیا، ئۆهایۆ، نیڤادا و هەرێمەکانی تریش لیژنەی یاسادانان بە دوای بەیاساییکردنەوەی لەشفرۆشییەوەن وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەو ژنانەی بە دوای کارەوەن بۆ بەڕێوەبردنی خێزانەکانیان.

زیادکردنی هەڕەشەی فاشیستی لە گەشەسەندنی ڕێکخراوی جۆری فاشیستیی وەکو کوکلۆکس کلان، پارتی نازی، کەمپەینی بەرەوسەرەوە بۆ دیپۆرتی ئەو کرێکارانەی کە لە دەرەوە لە دایک بوونە ڕەنگیدایەوە، بە تایبەت (بزووتنەوەی جیاکرنەوەی ڕەگەزپەرستی و گۆشەگیرکردنەوە: segregationist)

(بزووتنەوەی جیاکرنەوەی ڕەگەزپەرستی و گۆشە گیرکردنەوە، هێرشی جەستەیی کردە سەر خێزانە کەمایەتییە ژنەکان، بەڵام ئەو بزووتنەوە فاشیستییە هەڕەشە بوو بۆ سەر تێکڕای ژنان. دەرکردنی کرێکاران و دوورخستنەوەیان, بەربەستی سەرەکی بوو لە ڕێی بەرەوپێشەوەچوونی یەکێتی لە جەنگ بۆ کواڵتیی فێربوون. دابینکردنی خانوو بۆ ژیانی ستاندارد. لەکاتێکدا ڕابەریکی فاشیستی وەکو بۆستن لویس دی هایکس بە شێوەیەکی تێکدەرانە، نوێنەرایەتیی خۆی دەردەخست بۆ بەرژەوەندیی کرێکارانی سپیپێست. هەڵوێستیان لە مافی دیموکراتی کەمایەتیەکان، دڵسۆزیی خۆیان ئاشکراکرد بۆ مۆنۆپۆڵەکان کە سوودمەندبوون لە ڕەگەزپەرستی.

هایکس زۆر هەوڵیدا بە سەرسامبوونی بە " ژنی سپی" "دایکی سپی" خەمی ڕاستی ئەو بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان بوو. هایکس هەوڵیدەدا بۆ تەرکیزکردنی تورەیی ژن دژی خەڵکی کەمایەتی لە جیاتیی چینی دەسەڵاتدار کە بەرپرسە لە هەموو شتێک. ئەوەیە هەڵوێستی هایکس و ئەوانی تری وەکو ئەو دژ بە چینی کرێکار کە لە بازنەی حکومڕانیدا بردیانەوە، نەتەوەی دیار و گرنگی هێنا بۆیان "تەک ئەوەی کە پێی دەڵێن خەمخۆری بۆ کرێکارانی سپیپێست. لە بەرژەوەندیی ژنان و هەموو کەسانەی کە بەگژ فاشیستەکاندا دەچنەوە کە پاڵپشتی لە پێشڕەوانی جیاکردنەوە و گۆشەگیرکردن دەکەنەوە وەکو وەکیلەکانی دوژمن ئەوانەی لە هەوڵی دابەشکردنن و یەکێتیی بەرگری زیاددەکەن دژ بە خەباتی گەلانی چەوساوە و زوڵملێکراو بۆ مافە دیموکراتیەکانیان.

---

[٩] لەباربردنی نایاسایی، کە لە لایەن کەسانی ناپسپۆڕەوە لە ماڵان ئەنجام دەدرێ، بەشێوەیەکی ناتەندروست و مەترسیدار.

**کۆتایی**

بزووتنەوەی ڕاستەقینە بۆ ئازادیی ژن بەخێرایی گەشەدەکات. تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەیەکی فراوان درووستبوو بۆ ئازادبوونی "جون لتڵ " - بەوبۆنەیەوە ئازاد کرا. بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە پەرەسەندندابوو بۆ ئازادیی "شرڵ تۆد" و "دەزی ئێکس" و "دس"، لە گەورەترین شارەکانەوە بۆ بچوکترین شار لە جۆرجیا. ڕێکخراوی سەرەکی لەم کەمپینەدا بەرەی یەکگرتووی ژنانی ڕەشپێست بوو The Black Women's United Front BWUFلە ١٩٧٥ کە بۆخۆی پێشکەوتنێکی گەورە و گرنگ بوو. تەرکیزکردنی ئاگاداری بەسەر سێ جار چەوسانەوەی ژنانی ڕەشپێست و هەوڵی بەرەوپێشبردنی ژنانی ڕەش وەکو پێشەوای جەنگاوەری چینی کرێکار و ئازادیی ڕەشپێست و بزووتنەوەی ژنان.

دامەزراندنی شورای بەرگریی نیشتمانی بە مانای ڕێکخراوکردن و ئامادەکردنی سەدان ژنی جەنگاوەر بوو بۆ ناو بزووتنەوەی بەرگری. هەروەها پەرەپێدانی بەرنامەی تێکۆشان کە ڕاستەوخۆ باسی ڕەگەزپەرستی دەکات دژ بە ژنان لە ناو کارگەکان ، کۆمەڵگە: community ، وێڵفێر و ریزەکانی بێکاری.

خاڵێکی تری پێشکەوتن ئەوە بوو کە خەباتکردن بەردەوام بوو لە پێکهێنانی کاری ژنانی یەکگرتوو (CLUW) Coalition of Labor Union Women لەلایەن ژنانی خەباتکارەوە دژ بە ڕەگەزپەرستی لەنێو کارگە و سەندیکاکاندا، و داوای بەرفراوانکردنی سەندیکاکان؛ وەکو مانگرتنی High Tide و مانگرتنی کەپیتاڵ و زۆری تر.

گرنگترینیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژنان زیاتر و زیاتر پەیوەست دەبن بە درووستکردنی پارتی کۆمۆنیستەوە لە نێوەندی ***ئۆکتۆبەر لیگ*** و ڕێکخراوەی تری مارکسی لینینی . هەروەها ڕێکخراوی کۆمۆنیستیی لاوان کە لەم دواییانەدا دۆزرایەوە.

ئەمساڵ و هەموو ساڵێکی دوای ئەوە ڕۆژی ئینتەرناسیۆناڵ و نێونەتەوەیی ژنان دەبێتە ئاهەنگی یادکردنەوەیەک بۆ ژنان و لایەنگرانی تر لە تێکۆشان دژ بە ئیمپریالیزم . ئەم جەژنە داوایە بۆ هەموو چینی کرێکار و خەڵکی پێشکەوتنخواز بۆ جەنگ دژ بە زوڵم و چەوسانەوە بەتایبەت ژنان. هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت لەلایەنی ئەم تێکۆشانانە کە چۆن چەوسانەوەی ژنان لە ناو سیسستەمی ئیمپریالیزمدا ڕەگی داکوتاوە.

ڕێگەی بەرەو پێشەوەچوون، داوای ڕێکخراو و یەکخستنی زیاتری جەماوەری ژنان دەکات، لێکگرێدانی کار و خەباتیان لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار و نەتەوە چەوساوەکاندا و ئابرووبردن و ئاشکراکردنی بەناو "داکۆکیکەر" انی ژنان لەرێگەی پارتێکی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستییەوە، هەروەها لەڕێی ئەزموونی خەباتی خۆیانەوە جیاوازیی نێوان بزووتنەوەی ڕاستەقینەی ژنان و ئەو بزووتنە ریفۆرمیست و بەناو یەکسانیخوازانەی ژنان ڕۆژبەڕۆژ ئاشکراتر دەبێت لای خەڵک.

سەرچاوە:

https://www.marxists.org/history/erol/ncm-8/ol-women-77.ht